سەڵاحەدین بەهائەدین بۆ جاری هەشتەمین وەک ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی هەڵبژێردرا

وتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: "مامۆستا سەڵاحەدین بەهائەدین زۆرینەی دەنگەکانی کۆنگرەی بەدەستهێناوە و بۆ ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرایەوە"، ئەمەش لەکاتێکدا تاوەکو کۆتایی هەڵبژاردنەکە سەڵاحەدین بەهائەدین هیچ رکابەرێکی نەبووە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی یەکگرتوو.

هەروەها شایەنی باسە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەوەی سەڵاحەدین بەهائەدین پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکەی گۆڕا و هەموارکردەوە، چونکە بەپێی پەیڕەوی پێشوو، ئەمینداری گشتی دەیتوانی تەنیا دوو خول ئەمیندار بێت، بەڵام سەڵاحەدین بەهائەدین 8 خول ئەمیندار بووە.

ئەوەش لەکاتێکدایە شەش کادیری پیشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی لە نێوانیاندا ئەبوبەکر کاروانی و ئەبوبەکر هەڵەدنی لە ریزەکانی یەکگرتوو دوورخرانەوە و نەیانتوانی بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن.

بەیانی دوێنێ هەینی، کارەکانی کۆنگرەی نۆیەمی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستیپێکرد.

لەمبارەیەوە سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا باسی هەندێک کێشە و گرفتی لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کرد و رایگەیاند: "مەسەلەی مووچە یەکێک بوو لە

گرفتە بەردەوامەکانی ئەم پێنج ساڵەی رابردوو، ئێمە لەمە بێدەنگ نەبووین".

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەشڵێت: بەداخەوە ئەم خولەی پۆستی ئەمیندارێتی یەکگرتوو پێنج ساڵ بوو، نەمانتوانی لە ساڵی 2023 کۆنگرە ببەستین "ساڵێکمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ درێژکردەوە".

لەبارەی ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و گرتنە دەسەڵات لەلایەن چەکدارە توندڕەوکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نزیک لە تورکیا، سەڵاحەدین بەهائەدین گوتوویەتی: چواردە ساڵە گەلانی سووریا کۆشش و خەبات دەکەن، بێ بەرهەمبوو، بەڵام دیارە لەم وێستگەیە بەخێر گەڕا، دەمانەوێت لە دیمەشقەوە بە دەستور، چارەسەر بۆ حاڵەتی نەتەوەیی کورد دیاریبکرێت.